گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpA 2024
ID No. 1155 (PP 153-168)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpA.10

توێژینەوە

# ڕۆلی دارِشتنی یاسایی لە هێنانەدی ئاسایشی یاسایی لە یاساکانی باجدا

## (توێژینەوەیەکی شیکاری یاسایی هەڵێنجراوە لە دکتۆرانامەی توێژەر)

فتحی زێرۆ زێرۆ *
كمال انور یابه**

* کۆلیژی تەکنیکی سۆران- زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
** کۆلیژی یاسا،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
fathi.zeroo@epu.edu.iq
Kamal.yaba@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/04/12
پەسندکردن 2023/05/30
بڵاوکردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەکییەکان:
دارِشتنی یاسایی،
ئاسایشی یاسایی،
یاساکانی باج،
هەرێمی کوردستان،
عێراقی فیدراڵ.

## پوختە

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی کوالیتی یاساکانی باج، دارِشتنی ڕێسا و دەقەکانیەتی بە پێی پێوەرەکانی دارِشتنی یاسایی باش، لەبەر ئەو ڕۆڵەی لە هێنانەدی ئاسایشی یاسایی دەگێرِێت.

دارِشتنی یاسایی کوالیتی باش کۆمەڵێک پێوەر و مەرج لەخۆدەگرێت کە پابەندنەبوون پێیانەوە دەبێتە هۆی کەموکورِی لە دەقە یاساییەکاندا، کە دواجار کێشەی یاسایی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ئاستەنگ لە بەردەم ئاسایشی یاسایی لەم بوارەدا دێنێتە ئاراوە.

سێ ڕێگای دارِشتنی یاسا هەیە، لەوانە (دارِشتنی یاسایی چەقبەستوو، دارِشتنی یاسایی نەرم و دارِشتنی یاسایی تێکەڵاو)، کە یاسادانەری باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان پەیرەوی لە دارِشتنی ڕەق کردووە، هەندێکجاریش دارِشتنی نەرم یان دارِشتنی تێکەڵاوی بەکار هێناوە.

یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەدەست چەندین کەموکورِییەکەوە دەناڵێنن لە دارِشتنی یاساییاندا، وەک هەڵە و ناڕوونی و ناکۆکی و بۆشایی، کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی یاسایی هەیە.

---

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

گرنگیدا بە بابەتی دارشتنی یاسایی تەنها گرنگیدان بە لایەنی ڕواڵەتی و ڕێکاری یاساکان نیە، بەلکوو بەرپا کردنی دەولەتی یاسا و فەرمانڕەوایی باش لە رێگەی دانانی یاسای باش و پێشکەوتووش ئامانجی ئەم پرۆسەیەن، کە لەوپەڕی ڕوونی و وردیدا بن، لە گەل دەستوور بگونجێن و لە گەل یاساکانی دیکەش ناکۆک نەبن، هەروەها هەموو خەلکی توانای لێتێگەیشتن و جێبەجێ کردنیان هەبێت و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە سەقامگیر بن.

کوالیتی دارشتنی یاساکان کاریگەری لە سەر بواری کۆمەلایەتی و ئابووری و رامیاری لە دەولەتدا هەیە، بۆیە بە پێکهاتەیەکی گرنگی دەولەتی یاسا و فەرمانرەوایی باش هەژمار دەکرێت و کاریگەری لەسەر بەرپابوونی ئاسایشی یاسایی لە یاساکانی باج و بەهێز کردنی بنیاتنانی دیموکراتیەت و گۆرینی شێوازی فەرمانڕەوایی بە ئاراستە نوێنەرایەتی کردن بەدوور لە تاکرەوی هەیە.

مەبەستی دەستنیشان کردنی ئەم بابەتەش بۆ توێژینەوە بۆ ریفۆرمی سیستەمی یاسایی باجە لە عێراق و هەرێمی کوردستان، کە خۆی لە دارشتنەوەی یاساکانی باج بە پێی مەرج و پێوەرەکانی ئاسایشی یاسایی دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی لە گەل پێداویستی و پێشهاتەکاندا بگونجێن و ئاسایشی یاسایی بێتەدی، بەلام لەبەر فراوانی بابەتەکە کە پێویستی بە چەندین توێژینەوە هەیە، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەول دەدات بنەما سەرەکیەکانی دارشتنی یاساسازی لە بواری باج بە سادەیی و پووختی ڕوون بکاتەوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر رۆلی کوالیتی دارشتنی یاساکانی باج لە هێنانەدی ئاسایشی یاسایی لەم بوارەدا.

**پێداچوونەوە بە کارە پێشینیەکان:**

بە پێی ئەو گەڕانەی بەدوای کارە پێشینیەکانمان ئەنجام داوە، هیچ توێژینەوەیەکامان دەست نەکەوت کە پێشتر لەسەر (رۆلی دارشتنی یاسایی لە هێنانەدی ئاسایشی یاسایی لە یاساکانی باج) لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام درابێت، بە تایبەت کە ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەخولێتەوە.

**مێتۆدی توێژینەوە:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەیدا مێتۆدی شیکاری یاسایی بەکارهێناوە، کە ئەو بوارەی بۆ دەرەخسێنێت کەموکوڕیەکانی یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕووی دارشتنی یاساییەوە دەستنیشان بکات و شییان بکاتەوە و ڕۆلی کوالێتی دارشتنی یاساکانی باج لە هێنانەدی ئاسایشی یاسایی بخاتەڕوو.

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی توێژینەوە لەوەدا بەدیار دەکەوێت کە دارشتنی یاسایی پێکهاتەیەکی گرنگی دەولەتی یاسا و فەرمانرەوایی باشە و باش و خراپی یاساکانیش پەیوەندی بە شارەزایی دارێژەرانی یاسا لە دەولەتدا هەیە، لەبەر ئەوەی دارشتنی یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان دارشتنێکی پڕ کەموکوڕیە، ئەمەش لاوازی دەقی یاسایی لێکەوتۆتەوە و ڕیگەی بۆ پێشێل کردن و قۆستنەوەی یاساکانی باج بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆش کردوە، بۆیە پێویستە ئەم یاسایانە بە کوالیتیەکی بەرز بە پێی مەرج و پێوەرەکانی ئاسایشی یاسایی دابرێژرێن.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوە ئەوەیە کە کەموکوڕیەکانی یاساکانی باج لە ڕووی دارشتنی یاساییەوە وەک هەڵە، نارونی، ناکۆکی و بۆشایی دیاری بکرێت و کاریگەریان لەسەر هێنانەدی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج بخرێتە ڕوو .

**پرسیارەکانی وێژینەوە:**

توێژەر لەم توێژنەوەیەدا هەول دەدات کۆمەلێک وەلامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە وەربگرێت:

1-دارشتنی یاسایی چیە و چەند شێوازی دارشتنی یاسایی هەیە؟

2-یاساکانی باج بە چ شێوازێک دادەرێژرێن؟

3-کەم وکوڕیەکانی یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕووی دارشتنەوە چین؟

4-ڕۆلی دارشتنی یاسایی لە هێنانەدی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج چیە؟

**کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی توێژینەوە خۆی لە بوونی کەموکوڕی داڕشتنی یاسایی وەک هەڵە، ناڕونی، ناکۆکی و بۆشایی لە یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە، کە پێویستیان بە دەستنیشان کردن و چارەسەرکردن هەیە، چونکە بوونی ئەم کەموکوڕیانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی یاسایی لەم بوارەدا هەیە و دەبێتە هۆی نائارامی یاسایی باجدەران.

**چوارچێوەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەخولێتەوە و تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی داڕشتنی یاسایی لە هێنانەدی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج.

**پلانی توێژینەوە:**

توێژەر هەوڵی داوە سەرەڕای بەرایی و دەرئەنجام، بابەتی توێژینەوەکەی دابەشی سەر سێ تەوەری سەرەکی بکات، لە تەوەری یەکەمدا چەمکی داڕشتنی یاسایی و ئاسایشی یاسایی ڕوون دەکاتەوە، لە تەوەری دووەمدا جۆرەکانی داڕشتنی یاسای باج دەخاتەڕوو، لە تەوەری سێیەمدا باس لە ڕۆڵی داڕشتنی یاسایی لە هێنانەدی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج دەکات و لە کۆتاییشدا دەرئەنجام و پێشنیارەکان لە گەڵ لیستی سەرچاوەکان دەخاتەڕوو.

**1. پێناسەی ئاسایشی یاسایی باج:**

ئاسایشی یاسایی بەردی بناغەی دەوڵەتی یاسایە و پێویستە لەسەر ئاستی سیستەمی یاسایی بەگشتی و لەسەر ئاستی تاکەکەسی ڕێزی لێبگیرێت، چونکە نەبوونی ئاسایش لە یاسادا بێبەشی دەکات لە توانای ئەنجامدانی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی کاریگەر و پێکهێنانی نەزمێکی یاسایی جێگیر و ئاراستەکردنی (ڕێنمایی) ڕەفتاری خەڵک.( Demin, 2020:1 ) ئامانجی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج کەمکردنەوەی ئەو کاریگەریە نەرێنیانەیە کە لە یاساکانی باج دەکەونەوە، لە ڕێگەی داڕشتنی یاسای باج بە جۆرێک کە هەر باجدەرێک بتوانێت پێشبینی دەرئەنجامی ڕەفتارەکانی بکات و بە دڵنیایی و بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ لە دەرئەنجامەکانی ئەم ڕەفتارانە لە ئاییندەدا ڕەفتار بکات.( شناوي، 2018: 436) ئاسایشی یاسایی باج هەوڵ دەدات پێگەی یاسایی باجدەران بپارێزێت و گرێنتی هاوسەنگ کردنیان بکات، لە ڕێگەی ڕێز گرتن لە کۆمەڵێک پێوەر و پێداویستی داڕشتنی ڕێسا یاساییەکان بە پێی ئەو فەلسەفەیەی کە وەڵامدەرەوەی پێشکەوتن و گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی جیهانی هاوچەرخ بێت.(ذنون، 2019 : 96)

بە دیتنی ئێمە کوالیتی داڕشتنی یاسای باج کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی یاسایی لە بواری باج هەیە، بە واتایەکیتر بەرزی کوالیتی یاسای باج دەبێتە هۆی هاتنەدی ئاسایشی یاسایی و بە پێچەوانەشەوە خراپی کوالیتی داڕشتنیان کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی یاسایی دەبێت و نائارامی یاسایی لێدەکەویتەوە.

**2. پێناسەی داڕشتنی یاسایی**

"داڕشتنی یاسایی بریتیە لەو ڕێوشوێن و ئامرازانەی کە بۆ ئامادە کردنی پرۆژە یاساکان لەسەر بنەمای پرەنسیپە پێشنیارکراوەکان لە لایەن داواکاری یاسادانان دەگیرێتەبەر، بە شێوەیەک کە لە گەڵ بنەماکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان بگونجێن، بەمەبەستی پێشکەشکردنیان بۆ دەسەڵاتی یاسادانان بۆ خوێندنەوە و پەسەند کردنیان".( کرم،1995: 262) داڕشتنی یاسایی بنەما و ناوەڕۆکی پرۆسەی یاسادانانە،(محروس، 2017: 495) هەروەها پێکهاتەیەکی گرنگی بنیاتنانی ڕێسای یاساییە، سەرکەوتنی ئەو ڕێسایەش پەیوەندی بە وردی و گونجاوی ئامرازەکانی داڕشتنەوە هەیە.(لهيبي، 2019 :44)

بە پێی ئەو زانیاریانەی سەرەوە دەتوانین داڕشتنی یاسایی لە بواری باج بەو جۆرە پێناسە بکەین کە بریتیە لەو ڕێوشوێنانەی یاسادانەری باج دەیگرێتەبەر بۆ داڕشتنی دەقەکانی یاسای باج، لە کۆمەڵگایەکی باجی دیاریکراوەدا، بە جۆرێک کە پێوەر و مەرجەکانی کواڵیتی داڕشتنی یاسایی تێیدا ڕەچاو بکرێت.

**3.جۆرەکانی داڕشتنی یاسای باج:**

یاساناسان داڕشتنی یاساییان دابەشی سەر سێ جۆر کردووە، داڕشتنی چەقبەستوو و داڕشتنی نەرم و داڕشتنی تێکەل(داڕشتنی چەقبەستوو و داڕشتنی نەرم پێکەوە).

### 3.1 داڕشتنی چەقبەستوو

داڕشتنی چەقبەستوو ئەو دارشتنەیە کە حوکمی یاسایی بە تەواوی دیاری دەکرێت، بە جۆرێک کە هیچ بوارێک بۆ پێوانەکردن و لێکدانەوە ناهێڵێتەوە.(دخیل، 2012: 73-74) داڕشتنی چەقبەستوو بەو دەستەواژانە دادەرێژرێت کە تێیدا هیچ بوارێک بۆ لێکدانەوە ناهێڵێتەوە و لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر و بە گۆڕانی بارودۆخ ناگۆڕێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێسای یاسایی سەقامگیر و جێگیر بێت.( فتح الباب ،2012 : 25) واتە ڕێسای یاسایی بە جۆرێک دادەڕێژرێت کە بواری لێکدانەوەی ئارەزوومەندانە بۆ دادوەر لە کاتی جێبەجێکردنی ڕیسا یاساییەکان ناهێڵێتەوە.(سلطان،1983: 94) یاسادانەری یاسای باجی دەرامەتی عێراقی ژمارە 113سالی 1982 لە کاتی داڕشتنیدا پەنای بردۆتە بەر داڕشتنی یاسایی چەقبەستوو، ئەویش بۆ هێنانەدی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان باجدەران، بۆ نموونە مادە یاساییەکانی پەیوەندار بە دیاری کردنی بڕی ئەو بەخشینانەی کە پێویستە بدرێتە باجدەر بە چەقبەستوویی داڕشتووە و سەرچاوەی داهاتی ملکەچ بۆ باجی بە شێوەیەک دیاری کردووە کە بواری هەموار کردن و جیگۆڕکێی تێدا نەمێنێتەوە، ئەمەش بۆ ڕێگری کردن لە لێکدانەوەی ئارەزوومەندانەی دەقەکان لە لایەن کارمەندانەوە بووە، چونکە هەموو سەرچاوەکانی داهات ملکەچی باج نین و هەندێکیان لە باج بەخشراون بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجە ئابووریەکان، بۆ نموونە داهاتی زەویە کشتووکالیەکان و بەخێو کردنی ئاژەلەکان لە باج بەخشراون، ئەمەش بۆ هاندانی بەرهەمی کشتوکالی و بەخێوکردنی ئاژەل لە عێراق بووە. (حسین، 2012: 112)

#### 3.1.1 سوودەکانی داڕشتنی چەقبەستوو لە یاساکانی باجدا:

داڕشتنی چەقبەستوو کۆمەلێک سوودی هەیە وەک پاراستنی دەقی یاسایی لە هەموارکردن و گۆڕانکاریەکان و سەقامگیری مامەلەکان و دامالینی کارمەندانی باج لە هەموو دەسەلاتێکی ئارەزوومەندانە و قەتیسکردنی ئەرکیان لە تەنها جێبەجێ کردنی دەقە یاساییەکان، ئەوەش ڕێگری لە قۆستنەوە و دەستکاریکردنی دەقە یاساییەکان لە لایەن کارمەندانی فەرمانگەی باج بۆ بەدی هێنانی ئەمانجە تاکەکەسیەکانیان دەکات.(عبدالمجید، 1999: 6) هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی یاسا وشە بە وشە جێبەجێ بکرێت و دادپەروەری لە نێوان باجدەراندا بێتەدی. (حسین، 2012: 124) سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی ئاسانکاری لە جێبەجێ کردنی دەقە یاساییەکان بەسەر ئەو کێشانەی دێنە پێش دادوەر و سەلامەتی حوکمە دادوەریەکان لە کۆنترۆل کردن و لادان لە جێبەجێ کردنی یاسا مسۆگەر دەکات، سەرەڕای ئەوەی ئەم داڕشتنە دەبێتە هۆی ئەوەی هەر تاکێک پێگەی یاسایی خۆی بزانێت، ئەوەش پاڵنەرێک دەبێت بۆ ئەوەی باروودۆخی خۆی لە ئێستا و ئایندەدا بە باشترین شێوە ڕێکبخات، بە بێ هیچ جۆرە ترس و مەترسی و دلەڕاوکێ لە جێبەجێ کردنی دەق بەسەریدا، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕۆلی گەورەتر بگێرێت لە جێگیر کردنی مامەلەکان و بەدەست هێنانی ئاسایش و سەقامگیری لە کۆمەلگادا.( حسن، 2022 :25)

#### 3.1.2 لایەنە نەرێنیەکانی داڕشتنی چەقبەستوو:

داڕشتنی چەقبەستوو سەرەڕای سوودەکانی، لایەنی نەرێنیشی هەیە، وەک دەرکردنی بڕیارەکان لە بواری باج بە بێ ئەوەی ڕەچاوی بارووددۆخی باجدەران بکرێت، کە دواجار نادادپەروەری لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەو دەسەلاتە تەقدیریە نادانە دادوەر کە بتوانێت ڕەچاوی جیاوازی کەسەکان و ڕووداوەکان بکات لەو حالەتانەی کە پێویستە جیاوازی بکرێت، بەلکوو پابەندی دەکات کە حوکمێکی دیاریکراو و جێگیر بە تووندی بەسەریاندا جێبەجێ بکات، کە بە گۆڕانی کەسەکان و ڕووداوەکان نەگۆرێت و جیاواز نەبێت.( حسن، 2022 :26) هەروەها ئەم جۆرە داڕشتنە لە بەر چەقبەستووی هەموار کردنی ئەستەمە، بۆیە ناتوانێت وەلامدەرەوەی گۆڕانکاریەکان و  پێشکەوتنەکان بێت.(عبدالمجید، 1999: 6)

ئێمە پێمان وایە ئەم جۆرە داڕشتنە لایەنی نەرێنی زیاترە لە لایەنی ئەرێنی، چونکە دادپەروەری کە یەکێکە لە ئامانجەکانی یاسا و بنەمایەکە لە بنەماکانی ئاسایشی یاسایی لە بواری باجەکان ناهێنێتەدی.

### 3.2 داڕشتنی یاسایی نەرم

مەبەست لە داڕشتنی نەرم ئەو داڕشتنەیە کە بیرۆکەیەک یان پێوەریك دادەنێت و دیاریکردنی وەردەکاری ناوەڕۆکی بۆ ئەو کەسانە بەجێ دەهێلدرێت کە هەلدەستن بە جێبەجێ کردنی ڕێساکە.(حسن، 2022 :24) لە داڕشتنی نەرمدا ڕێسا یاساییەکان بەو دەستەواژانە دادەڕێژرێن کە دەستی جێبەجێکارانی یاسا لە کاتی جێبەجێکردنیاندا واڵا دەکات و دەسەلاتی لێکدانەوەی جۆراوجۆریان پێدەدات.(حسن، 1978: 28) بۆ ئەوەی لە گەل پێشکەوتنەکان و پێشهاتەکانی کۆمەلگادا بگونجێت و جێبەجێکارانی یاسا بتوانن وەلامی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانە بدەنەوە کە لە ئەگەری ڕوودانیان لە ئاییندەدا هەیە. یاسای باجی دەرامەتی عێراقی ژمارە 113 سالی1982  لە مادەی (2) دا پەنای بردۆتە بەر ئەم جۆرە داڕشتنە کاتێک باج دەخاتە سەر سوودەکانی کرداره

بازرگانیەکان یان ئەو کارە بازرگانیانەی خەسلەتی بازرگانیان هەیە، یاساکە واتای خەسلەتی بازرگانی دیاری نەکردوە و ناڕونی لەم یاسایەدا خولقاندوە و مشتومڕی لە نێوان یاساناساندا دروست کردووە، وە چەندین لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەم دەستەواژەیە دەکرێت. (سعود و محمود،1995: 116 )

بە بۆچوونی ئێمە یاسادانەری عێراقی سەرکەوتوو نەبووە لە بەکار هێنانی ئەم دەستەواژەیە کە ئامانجی ڕێگری کردن بووە لە خۆدزینەوە لە باج، ئەویش بە سەپاندنی باج بەسەر هەموو پیشە بازرگانەکانیەکاندا، باشتر بوو ئەم بابەتەی بۆ یاسای بازرگانی جێهێشتبا، چونکە یاسای بازرگانی کردار و پیشە بازرگانیەکانی دیاری کرووە. ئەم کردارانەش بە شێوەی ژماردن هاتوون و ناکرێ فراوانتر بکرێن، ئەوە لە لایەک، لە لایەکیتر لەسەر یاسادانەری عێراقی پێویستە کردار و پیشەکانی ملکەچ بۆ باج دیاری بکات و خەسلەتی بازرگانی هیچ بنەمایەکی نیە لە یاسای بازرگانیدا.

### 3.2.1 سوودەکانی داڕشتنی یاسایی نەرم:

یەکێک لە سوودەکانی داڕشتنی نەرم ئەوەیە کە دەسەلاتی لێکدانەوە و خەملاندنی فراوان دەداتە دادوەرەکان لە کاتی جێبەجێ کردنی دەقی یاسایی، بە جۆرێک کە سەرپشکیان دەکات کە ڕەچاوی بارووداۆخ و پێشهاتەکانی هەر حالەتێک لەو حالەتانەی هاتوونەتە بەردەم دادوەر بکات، ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت لە هێنانەدی دادپەروەری. هەروەها ئەم نەرمیە لە داڕشتندا ڕێگە دەدات کە حالەتی نوێ لە دەقی یاسایی دەربهێندرێت کە لەوانەیە لە کاتی دانانی یاسا لە هزری یاسادانەردا نەبووبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی وەلام دانەوەی پێشکەوتنەکان و گۆڕانکاریە نوێکان، واتە ئەم دەقە چارەسەری ئەو گۆڕانکاریە نوێیانە دەکات کە پێشکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی کۆمەڵگا پێویستی کردووە.(حسن، 26:2022)

### 3.2.2 لایەنە نەرێنیەکانی داڕشتنی یاسایی نەرم:

یاساناسان هیچ ڕەخنەیەکیان لە داڕشتنی یاسازی نەرم نیە، بەلکوو پێیان وایە هەر کەموکوڕیەک هەبێت هۆکاری دەرەکی لەپشتە، کە ئەویش ترسی ئەوەیە کە ئەم نەرمییە پاڵنەرێک بێت بۆ دادوەرەکان بۆ ئەوەی ڕێگای کۆنترۆڵکردنی ئیختیاری بە شێوەیەک بگرنەبەر کە لە کۆتاییدا هەول بدەن کۆنترۆلی خەملاندنی ڕاستیەکان بکەن، بەلام ئەم ترسە لە ڕاستیدا هیچ پاساوێکی نیە، چونکە دادوەر کاتێک دەسەلاتی تەقدیری لە جێبەجێ کردنی دەقی یاسایی پێدەدرێت، گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت کە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەم دەسەلاتە نەکات تاکوو بگاتە سنووری کۆنترۆل کردنی خەملاندن، بەلکوو سروشتی و نۆرمالە لە سنووری مامناوەند بەکاری بهێنێت، تاکوو لەر هەر حالەتێک لە حالەتەکاندا کە حوکمدانی بۆ ڕوانە کراوە بۆ بەدی هێنانی دادپەروەری لە ژێر سایەی پێوەری نەرم کە یاسا دیاری کردووە بە بێ زیادەڕۆیی.

هەروەها یەکێکیتر لە زیانەکانی داڕشتنی یاسازی نەرم ئەوەیە کە ڕیخۆشکەر دەبێت بۆ گەندەلی کارگێری، لە بەر زۆری ئەو هەموار و گۆڕانکاریانەی بەسەر یاسادا دێت، کە داواجار تێگەیشتنی جێبەجێکارانی یاسا لە ئامانجی راستەقینەی دەقەکان ئەستەم دەبێت، یان بواری هەلەکردن یان لێکدانەوەیان بە پێی خواست و ئارەزوی خۆیان بۆ بەدەست هێنانی دەستکەوتە تاکەکەسیەکانیان دەرەخسێنێت. (حسن، 2022 :27 )

ئێمە پێمانوایە داڕشتنی نەرمیش هەروەک داڕشتنی ڕەق سەرەڕای سوودەکانی، بێ خەش و کەموکوڕی نیە و یەکێک لە خەشەکانی ئەوەیە کە رێخۆشکەر دەبێت بۆ لێکدانەوەی دەقەکانی لە لایەن جێبەجێکاران بە خواستی خۆیان بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی، چونکە داڕشتنی نەرم دەرگای لێکدانەوە بە کراوەیی دەهێلێتەوە و ئەگەری قۆستنەوەی لە لایەن باجدەران و جێبەجێکارانی ڕیسا یاساییەکان هەیە، بۆیە بەکارهێنای ئەم جۆرە داڕشتنەش بە تەنیا بە گونجاوی نازانین بۆ یاساکانی باج.

### 3.3 داڕشتنی یاسایی تێکەل

داڕشتنی تێکەل ئەو جۆرە داڕستنەیە کە هەردوو داڕشتنی چەقبەستوو و داڕشتنی نەرم پێکەوە کۆدەکاتەوە، یاسادانەری باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەندێک جار داڕشتنی چەقبەستوو بەکار هێناوە، هەندێک جاریدیکەش داڕشتنی نەرم، وە لە زۆر حاڵەتیشدا داڕشتنی چەقبەستوو و نەرمی پێکەوە کۆکردۆتەوە، ئەمەش بە پێی بارووداۆخی جێبەجێ کردن و پێشهاتەکان دیاری کراوە، ئەمەش لە یاسای باجی دەرامەتی عێراقی ڕوویداوە کاتێ یاسادانەر هەردوو جۆرەکەی پێکەوە کۆ کردۆتەوە کاتێک کارەکانی دیاری کردوە و ڕێگەی بە وەزیری دارایی داوە هەلبستێت بە گرێبەستی یەکلایی کردنەوەی ئاشتیانە لە نێوان کارەکاندا.(حسین،2012: 112)

بەم پێیە یاسادانەر لە کاتی دیاری کردنی ئەو ڕێسا یاساییەی کە لە ڕێگەیەوە دەیەوێت جێگیری و سەقامگیری حوکمەکەی بەدیبێنێت، دەبێ داڕشتنی چەقبەستوو بەکار بهێنێت، کە تێیدا لایەنە جێبەجێکارەکانی یاسا ئازادی دەستنیشانکردنی ئەو حوکمەیان

نیە کە دەیانەوێت، وەک دیاری کردنی ماوەی تانەلێدان، بە پێچەوانەوە کاتێک یاسادانەر ڕێسایەکی یاسایی دیاری دەکات کە تێیدا دەیەوێت لە کاتی گۆڕانکاری لە بارودۆخ و پێشهاتەکاندا بڕیارەکە بگۆڕێت، وە لایەنە جێبەجێکارەکانی یاسا ئازاد بن لە بڕیاردان، پێویستە داڕشتنی نەرم هەلبژێرێت، وەک ڕێگەپێدانی یاسادانەر بە وەرگرتنی قەرزی باج بە قیست یان درێژ کردنەوەی ماوەی پێشکەش کردنی ڕاپۆرت بە بیانویەکی ڕەوا.(حسین،2012: 57)

لەوەی باسمان کرد دەردەکەوێت کە دارشتنی یاسایی چەقبەستوو دەبێتە هۆی ئەوەی دەقە یاساییەکە روون و وورد بن و بەدوور بن لە قۆستنەوە و لێکدانەوەی جیاواز، هەروەها سەقامگیری مامەلەکان دێنێتە دی، بەلام دەبێتە هۆی ئەوەی دەقە یاساییەکە لە گەل گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکاندا نەڕۆن و دادپەروەرەی ڕاستەقینە نەهێنێتە دی، بەلام دارشتنی یاسایی نەرم خەسلەتی نەرم و راشکاوی هەیە و لە گەل گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی کۆمەلگادا دەڕوات، هەرچەندە لە ئەنجامی هەمواری زۆری دەقە یاساییەکانەوە دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لە مامەلەکاندا.

ئیمە لایەنگری دارشتنی یاسایی تێکەل دەکەین، چونکە پیمان وایە کە دەقە یاساییەکان پێویستیان بە جۆرێک چەقبەستووویی هەیە بۆ پاراستنیان لە هەمواری زۆر، هەروەها پێویستیان بە جۆرێک نەرمی هەیە بۆ وەلامدانەوەی پێشکەوتنەکان و گۆڕانکاریەکانی کۆمەلگا، بۆیە یاسادانەر لە کاتی دارشتنی دەقە یاساییەکاندا نابێ تەنها یەک جۆری داڕشتن بەکاربهێنێت، بەلکوو هەردوو جۆری داڕشتنی چەقبەستوو و نەرم پێکەوە کۆ بکاتەوە.

### 4. کەموکورپیەکانی داڕشتنی یاسایی:

داڕشتنی یاسایی بەهۆی کەموکوڕی جۆراوجۆرەوە تێکدەچێت، چ کەموکوڕی ماددی بن یان کەموکوڕی بابەتی، لەوانەیە لە کاتی نووسیندا بەهۆی هەڵەی ڕێنووسی یان نووسینی خێرا یان بەهۆی چاپکردنەوە بێت، بەتایبەت لەبەر ئەوە سەرهەڵدەدات کە بیرۆکەکان بە شێوەیەکی زمانەوانی دروست دانارێژرێن، ئەمەش وایان لێدەکات لە مەبەست یان ئامانجەکەی لابدەن. (فتلاوي و حامد، 2017: 98)

ڕەچاو نەکردن و گرنگی نەدان بە بنەما گشتیەکانی داڕشتنی یاسایی وەک پرسێکی تەکنیکی پێویست لە کاتی داڕشتنی دەقە یاساییەکان هۆکارێکە بۆ سەرنەکەوتنی یاسادانەر لە دانانی ڕێسا یاساکانی باج، چونکە یاسای باج هەستیاری و تایبەتمەندی خۆی هەیە و کاریگەری لەسەر ماف و ئازادیەکانی باجدەران و گەنجینەی گشتی و باری ئابووری و کۆمەلایەتی و رامیاری ولات دەبێت.( عبدالحمید، ٢٠٢٢: ٢٤)

ڕەنگە داڕشتنی یاسایی تووشی کۆمەلێک کەموکوڕی یان خەشی یاسایی وەک هەلە، ناکۆکی، ناڕوونی و بۆشایی لە ڕێسا یاساییەکاندا ببێتەوە.(عبدالهادي، 2009 : 12) کە بوونی هەر یەکەیان کوالیتی داڕشتنی یاسا کەمر دەکەنەوە و دەبێتە هۆی نەبوونی ئاسایشی یاسایی.

### 4.1 هەڵە لە یاساکانی باجدا:

هەڵە لە داڕشتنی یاساییدا دەکرێ بە دوو شێواز ڕووبدات، هەڵەی ماددی و هەلەی یاسایی.

#### 4.1.1 هەڵە ماددییەکان لە یاساکانی باجدا

یەکێکە لە کوموکوڕیەکانی دەقە یاساییەکان کە یاسادانەر تێی کەوتووە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە. لە چوارچێوەی یاسای باجی دەرامەت یاسادانەر تووشی هەڵەی مادی بووە کاتێک پیتی پەیوەندی (و) ی لە نێوان دەستەواژەی پاسەوانی دادوەری (الحارس القضائي) وە وشەی(السندیك) دانەناوە، کە بووەتە هۆی تێکچوونی واتای دەقەکە، واتە وادەردەکەوێت کە چەمکی (السندیك) هاوواتای پاسەوانی دادوەریە، بە پێچەوانەی ئەو جیاوازیەی لە ڕووی واتاییەوە لە نێوانیاندا هەیە.دیسان لە چوارچێوەی یاسای باجی خانووبەرە یاسادانەر کەوتۆتە هەلەی مادی کاتێک ماددەی (32) هەموار کردووە و ئاماژەی بە وشەی" دووبارە " نەکردووە، لە کاتێکدا دەقنووس نەکردنی ئەمر وشەیە واتە هەڵوەشاندنەوەی ماددە ڕەسەنەکە پێش هەموار کردن، وە بەرکار بوونی ماددە نوێیەکە پاش هەموار کردن.(هلالي، 2004: 74-79)

#### 4.1.2 هەڵە یاساییەکان لە یاساکانی باجدا:

بریتیە لە کەموکوڕیەک لە زمانی دەقی یاساییدا کە پەیوەندی بە وشەیەک یان زیاد کردنی مەرجێک یان تایبەتمەندیەک هەیە، بە جۆرێک لە گەل ڕاستی یان لۆژیک یان زەمینەی گشتی یاساکە ناکۆک بێت. لە چوارچێوەی یاسای باجی دەرامەتدا یاسادانەر لە چەندین شووێن تووشی هەڵەی یاسایی بووە کاتێک ڕێگەی بە دەسەلاتی دارایی داوە کە لە دەرەوەی ماوەی دیاریکراو تانە قبوڵ

بكات، ئەمەش زيان بە سەربەخۆيى ليژنەكانی پێداچوونەوە بە تايبەت نەبوونی سەربەخۆيى كارگێری دەگەيەنێت.(عنزي، 200 :112)

دەقی ياسايی دەكرێ تووشی هەڵە ببێت، ئەم هەڵەيەش دەكرێ لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی ياساداناندا ڕووبدات، هەندێک جار هەڵە لە كاتی بڵاوكردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرميدا ڕوودەدات، يان لە كاتی ئامادەكردنی پرۆژە ياسادا، لەوانەشە بەهۆی وەرگێڕانی هەڵەی ياساكە وەک هەڵەی تايپ يان زمانەوانی يان ڕێنووسی هەندێک دەستەواژەی بيانی ڕووبدات، لەوانەشە لە ئەنجامی ناووردی يان گرينگی پێنەدان لە بەكارهێنانی دەستەواژە ياساييەكان يان كورتكردنەوەی بێژە ياساييەكان و وشەكان رووبدات، كە دەبێتە هۆی شێواندنی داڕشتنی ياسايی، بۆيە ئەو قۆناغە ڕاگوزەرەی كە عێراق پێيدا تێپەڕيوە، داڕشتنی ياساكاری تێيدا كاريگەری هەندێك ياسای لەسەر بووە و تووشی هەندێك هەڵە بووە، بەتايبەتی ئەو هەڵانەی كە لە ئەنجامی وەرگێڕانی دەقە ياساييەكان لە زمانە بيانييەكانەوە ڕوويداندا.

هەروەها ياسای باجی دەرامەت لە فەرمانی ژمارە (37)ی ساڵی 2003 كە لەلايەن دەسەڵاتی هاوپەيمانی هەڵوەشاوە دەرچووە، تێيدا باج بەم جۆرە پێناسە كراوە كە بريتيە لە باجێک يان ميرانەيەک كە كاريگەرييەكەی هاوشێوەی كاريگەری باج بێت، ئەمە لە لايەک، لە لايەكی ديكەوە ياساكانيتر بێجگە لە ياسای باجی دەرامەت وەک ياسای باجی خانووبەرە و ياسای باجی زەوی وزار پێناسەی باجيان كردووە، واتە چەندين پێناسە بۆ دەستەواژەيەک كراوە، هەروەها دەسەڵاتی هاوپەيمانی، لە كاتی پێناسە كردنی باج، باج و ميرانە تێكەل كردووە، لە كاتێكدا جياوازی لە نێوان باج و ميرانەدا زۆرە.

هەروەها لە دەقی بڕگەی (2)ی مادەی (35)ی ياسای باجی داهاتی بەركار ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار كراودا ياسادانەری عێراقی ڕێگەی بە دەسەلاتی دارايی داوە كە تێهەڵچوونەوەی( الاستئناف) پێشكەشكراو لە لايەن باجدەری ناڕازی لەسەر خەملاندنی داهات دوای تێپەڕبوونی ماوەی ياسايی وەربگريت، ئەگەر گەيشتە قەناعەت كە پێشكەشكاری تێهەلچوونەوەكە بەهۆی ئامادەنەبوونی لە عێراق، يان بەهۆی نەخۆشييەكەوە بێتوانا بووە، يان بە هۆكارێكی ناچاری تر دواكەوتووە لە پێشكەشكردنی. لێرەدا تێبينی ئەوە دەكەين كە ياسادانەری عێراق دەسەلاتی دارايی كردۆتە دادوەر و بڕياردەر بۆ قبوڵكردنی ئەو تانەيەی كە لەلايەن باجدەرەوە پێشكەشی دەكرێت، دوای تێپەڕبوونی ماوەی ياسايی، ئەگەر گەيشتە قەناعەت، ئەمەش واتە دياريكردنی هۆكاری دواكەوتنەكە و بڕياردان لەسەری لە تايبەتمەندی دەسەڵاتی داراييدايە، لێرەدا تێبينی دەكەين كە ياسادانەری عێراقی دەسەلاتی دارايی كردۆتە نەيار و داوەر لە يەک كاتدا، ئەمەش ڕێگەپێدراو نييە، بۆيە گونجاوتر بوو ياسادانەری عێراق بابەتی بڕياردان لەسەر داواكارييەک بۆ ليژنەكانی تێهەلچوونەوە كە سەيری داواكاری تێهەلچوونەوە دەكەن بەجێ بهێڵێت.(هلالي, 2004: 75)

بە رای ئێمە بوونی هەر يەک لەم كەموكوڕيانە ئاستەنگێک بۆ ئاسايشی ياسايی دێنێتە كايەوە و پێويستی بە ميكانيزميتر هەيە بۆ چارەسەر كردنی وەک هەموار كردن يان بڕياری نادەستووری بوون يان لێكدانەوە لە لايەن دادگاكان و چەندين ميكانيزميتر كە مەترسی لەسەر ئاسايشی ياسايی لە بواری باج دروست دەكەن.

### 4.2 ناڕوونی لە ياساكانی باجدا:

دەقی ناڕوون ئەو دەقەيە كە واتايەكی دياريكراوی نيە و چەندين لێكدانەوەی جياوازی بۆ دەكرێت، نموونەی دەقە ناڕوونەكان لە ياسای باجی دەرامەتی عێراق ئەوەيە كە لە بڕگەی (2)ی مادەی (21)يدا هاتووە كە تێكست دەكاتە سەر ئەوەی: "دەسەڵاتی دارايی، ئەگەر بە گونجاوی زانی باج بە ڕێژەيەكی دادپەروەرانە و گونجاو لەسەر كەسێكی نانيشتەجێ بخەملێنێت، لەسەر بڕی ئەو كارە بازرگانييەی كە كەسی نانيشتەجێ لە ڕێگەی يان لەگەڵ نيشتەجێبوو ئەنجامی دەدات" لێرەدا وشەی (ئەگەر بە گونجاوی زانی)، هەروەها وشەی(دادپەروەرانە و لۆژيكی)، ناڕوونن ،چونكە لە گەل بەرژەوەندی باجدەر و دەسەڵاتی داراييدا ناكۆكن و ناگونجێن و دەبنە هۆی ئەوەی هەر لايەنێک خۆی بەو لێكدانەوەيەيە ببەستێتەوە كە بە گونجاوی دەزانێت، ئەمەش دەبێتە هۆی كردنەوەی دەرگای خۆدزينەوە لە باج. (هلالي, 2004: 87)

سەبارەت بەو دەستەواژە نامۆيانەی كە ياسادانەر بەكاری هێناوە و ناڕوونی و لێلی دروست كردوە، هەروەها ئەوەی كە ياساناسی دارايی بەدوای دياريكردنی واتاكەی گەڕاون، دەستەواژەی سروشتی بازرگانی( صبغة تجارية)يە كە ياسادانەر لە چوارچێوەی ئەو سەرچاوانەيدا هێناوە كە باجی داهاتيان لە سەرە، لەسەر ئەم بابەتە ياساناسانی دارايی بەسەر دوو ئاراستەدا دابەشبوون:

**ئاراستەی يەكەم:** پێی وايە كە دەستەواژەی "سروشتی بازرگانی" سەركەوتوو نەبووە و بە شێوەيەكی ناڕوون دەركەوتووە و مانايەكی ڕوونی نيیە و لێكدانەوە و ناكۆكی باجی دروست كردووە، ئەم ڕەوتە پێشنياری گۆڕينی بۆ دەستەواژەی "هەر كردارێكی بازرگانی كردووە.

**ئاراستەی دووەم:** پێی وایە کە دەستەواژەی سروشتی بازرگانی کە لە مادەکەدا هاتووە بۆ ئەوە بووە کە بتوانێت ئەو کردارانەی کە باجدەران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نابازرگانین باجیان بخاتە سەر، سەرەڕای ئەوەی ئەم ئاراستە یاساییە لە یاسای ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، بەلام ئێمە پێمان وایە لە گەل ئەو هەموو ناڕوونیەی کە لە خۆی گرتووە، زیادکردنێکی بێ پاساوە، چونکە کردارە بازرگانیەکان دیاری کراون، نەک بە نموونە هاتوون، ئەوەش لە هۆکارە ئەرێنیەکانی یاسای بازرگانیدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، کە دەبێ بۆ دیاری کردنی جۆرەکانی کردارە بازرگانیەکان بگەڕێینەوە سەری، بۆیە ئەوەی یاسای بازرگانی دیاری کردووە بە کردارێکی بازرگانی دادەنرێت و ملکەچی باج دەبێت، بەلام بێجگە لەوانە ناتوانرێت لەسەر کردارە بازرگانیەکان پێوانە بکرێت، بەو پێیەی سروشتێکی بازرگانی هەیە، ئەمە لە لایەکەوە، و لە لایەکی ترەوە، لە باج نابەخشرێت، چونکە دەتوانین بە پشتبەستن بە بڕگەی شەشەمی مادەی دووەمی یاسای باجی داهات، باجی لەسەر دابنێین.(عمري ، 1979:21)

بە بۆچوونی ئێمە دەقە یاساییەکانی باج دەبێت ئەوەندە ڕوون بن کە کەمترین لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، چونکە یەکێک لە بنەماکانی ئاسایشی یاسایی وردی و ڕوونی دەقە یاساییەکانە بە تایبەت لە یاساکانی باجدا، بۆیە یاسادانەر دەبێ زۆر ورد بێت لە هەلبژاردنی دەستەواژەکان.

### 4.3 ناکۆکی لە یاساکانی باجدا:

بە وردبوونەوە لە یاساکانی باجی عێراقی کە لە هەرێمی کوردستانیش بە کەمێک هەموارەوە جێبەجێ دەکرێن دەردەکەوێت کە لە چەندین ماددەدا بە بیانوی جیاواز ڕێژپەرەی یاسایی هاتووە کە لە هەمانکاتدا ناکۆکن لە گەل دەستووری عێراقی سالی 2005، ئەمەش یەکێکە لە خەشەکانی دارشتنی یاسایی لە ڕووی بابەتیەوە کە کاریگەری زۆری لەسەر هەلّاوسانی دەقەکانی یاساکانی باج و ئاسایشی یاسایی هەیە، بۆ نموونە لە برگەی (14)ی ماددەی (یەکەم)ی یاسای باجی دەرامەتی عێراقیدا هاولاتیانی دەولّەتە عەرەبیەکان لە باج بەخشراون.(عبد و حسين، 2016 :272)، خۆشبەختانە یاسادانەری کوردستانی ئەم مادەیەی هەموار کردووە و ئەم ڕێزپەڕە لاداوە. هەروەها لە برگەی (یەکەم)ی ماددەی (20) ی یاسای بوودجەی فیدرالی سالی 2008 دا هاتووە کە:( بڕی بەخشینی باج بۆ کارمەندان دووهەندە دەکرێت بە پێی برگەی(١)ی ماددەی (12)ی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113) سالی 1982ی هەموار کراو بە پێ بەندی (2) لە بەشی (2) ی فەرمانی دەسەلاتی ئیتلافی کاتی (هەلّوەشاوە) ژمارە (49) سالی 2004.

دیسانەوە لە ماددەی (40) یاسای باجی دەرامەتی عێراقی بەرکاردا هاتووە کە( پێویستە لەسەر دەسەلّاتی دارایی کە ئەو بڕە باجە زیادەیەی باجدەر داوەیەتی بۆی بگەڕێنێتەوە، بە مەرجێک داواکاریەک پێشکەش بکات لە ماوەی پێنج سالّ لە کۆتایی هاتنی ئەو سالّە داراییەی کە تێیدا بڕە زیادەکەی داوە، بەلام ئەو باجەی بە شێوەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ وەرگیراوە بە بێ پێشکەش کردنی داواکاری لە لایەن باجدەر بۆی دەگەڕێندرێتەوە، ئەمەش پێشێل کردنی بنەمای یەکسانیە لە هەلسوکەتی کردن لەگەل گەڕاندنەوەکان. (احمد، 2019: 205)، هەروەها لە ماددەی (9)ی یاسای باجی دەرامەت بەرێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیاکانی بێسنووری بەسەر کەسانێتر کە مووچە یان دەرمالە وەردەگرن زالّ کردووە.

ئێمە پێمان وایە ئەم ڕێزپەڕانە لە بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراودا کراون کە لە ڕووی هەلّئاسانەوە بڕگەیەکی بۆ یاسا زیاد کردووە و لە هەمانکاتدا ناکۆکی لە گەل دستووری عێراقی سالی 2005ی لێکەوتۆتەوە، چونکە پێشێلی بنەمای یاکسانی باجدەرانی کردووە. سەرەڕای چەندین برگەی تر کە پێشێلی بنەما دەستووورییەکانی باج و ئاسایشی یاسایی کردووە، بۆ نموونە لە یاسای باجی دەرامەتی عێراقی بەرکار ژمارە (113) سالی 1982ی هەموارکراو کۆمەلێک دەقی تێدایە کە پێشێلی حوکمەکانی دەستووریان کردووە، بە تایبەت پێشیل کردنی بنەمای یاسایی بوونی باج، چونکە دیارە کە برگەی (یەکەم) لە ماددەی (28) دەستووری عێراق سالی 2005 دەقنووسی کردوە کە هیچ باج و میرانەیەک ناسەپێندرێت و هەموار ناکرێت و وەرناگیرێت و لێخۆشبوونی لێناکرێت بە یاسا نەبێت.(معموري، 2018: 425 ) وەک برگەی (10) ی ماددەی(7)دا ڕێگەی داوە لێخۆشبوون لە باج بە یاسای تایبەت ڕێکبخرێت، لە کاتی باس کردن لە لێخۆشبوونەکان بەم جۆرە باس دەکات( هەر دەرامەتێکی لێخۆشبوو بە پێی یاسای تایبەت یان ڕێککەوتنێکی نێودەولەتی). لەم دەقەدا بەدیار دەکەوێت کە بابەتی لێخۆشبوونی بە دەقێکی تایبەت یان ڕێککەوتنێکی نێودەولەتی ڕەوانە کردووە و بڕیاری داوە لە گەل بڕگەکانی هاتوو لە یاسادا پەسەندیان بکات، وەک زیادەیەک لەسەر ئەو لێخۆشبوونانەی لە یاسای باجی دەرامەتدا هاتوون، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە ماددەی(41)ی  یاسای ڕاژەی دەرەکی ژمارە( 45)ی سالی 2008 دا هاتووە( لێخۆشبوون لە دەرمالّەکانی ڕاژەی دەرەکی کە لە برگەی(ا) یەکەم لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایەدا هاتووەن لە باجی دەرامەت دەبەخشرێن. هەروەها لە برگەی(١)ی ماددەی(12) ی ئەم یاسایەدا لە کاتی باس کردن لە بەخشین یەکسانی لە بەخشینی یاسایی لە نێوان باجدەری یەک ژنە و باجدەری فرە ژن کردوە، کە ئەمەش پێشێل کردنی ماددەی (14)ی دەستووری عێراقە. دیسان لە برگەی(١) لە مادەی (50) ی ئەم یاسایەدا هاتووەکە( دەرامەتی ملکەچ بۆ باج بە بڕی 7.5٪ لە کۆی گشتی ئەو بڕەی کە وەری

دەگرێت یان خاوەنی ئامرازی گواستنەوە یان کرێچیەکەی شایستەیەتی کە لە رێڤینگ و پۆستە و ئاژەڵەکان و کالا بارکراوەکان لە عێراق وەربگرێت)، ئەمەش پێشێل کردنی بنەمای یەکسانیە. (احمد، 2019 :206 )هەروەها لە یاسای باجی خانووبەرە عێراقی ژمارە(162) ساڵی 1959ی هەموارکراویشدا چەندین پێشێلکاری هەیە وەک ماددەی (2) و بڕگەی (2)ی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە.دیسان لە مادەی (20)ی یاسای باجی گومرگی بەرکاردا مافی یەکسانی بەم جۆرە پێشیل کراوە (پێناسەی گومرگی کارپێکراو بەسەر ئەو کاڵایانەدا جێبەجێ دەکرێت بەپێی رەسمی رێژەیی (بەهایی)ی بە پێی ئەو بارووددۆخەی تێیدان، بەڵام ئەو کاڵایانەی ملکەچی رەسمی جۆری( بڕاوە) ن، ئەو ڕەسمەیان بە تەواوی لێوەردەگیرێت بەبێ گوێدانە بارودۆخەکەیان).

بە لێکۆڵینەوە لەم دەقە دڵنیا دەبینەوە کە یاسادانەر دوو جۆر نرخی وەرگرتووە:

یەکەمیان: نرخی رێژەیی یان بەهایە، کە بە ڕێژەیەکی جێگیرە و ناگۆڕێت، هەرچەند ئەو کاڵایانەی باجیان لەسەرە زیاد یان کەم بن. هەرچەندە ئەمەیان یەکسانی تیۆرییە، بەڵام پێشێلکردنی یەکسانی ڕاستەقینە کە یەکسانی لە قوربانیدان کە بۆ بەدەست هێنانی پێویستە نرخە هەڵکشاوەکان کە لەگەڵ زیادبوون و کەمبوونەوەی کاڵاکان زیاد و کەم دەکەن، بۆ بەرپاکردنی یەکسانی ڕاستەقینە دەبێ پشت بە توانای تێچووی باجدەران ببسەترێت.

دووەمیان: نرخێکی چۆنایەتی یان بڕاوەیە کە پشت بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو دەبەستێت وەک هەزار دینار بۆ هەر مەترێک قوماش یان بۆ هەر کیلۆیەک شەکر و ...هتد، و ئەم نرخەش لەوەی پێشوو جیاوازی نییە، لە ڕووی ڕەچاوکردنی یەکسانی تیۆری و یەکسانی ڕاستەقینە یان یەکسانی لە قوربانیدان، کە پێویست دەکات نرخەکە بگۆڕێت لەگەڵ زیادبوونی بڕی ئەو کاڵایانەی کە کەوتونەتە ژێر کاریگەرییەکەیەوە، بۆیە یاسادانەر دەبێت لە نزیکترین هەموارکردندا بەهەندی وەربگرێت.

ئەنجومەنی دەوڵەت بەپێی مادەی چوارەمی یاسای هەموارکراوی ئەنجومەنی دەوڵەت ژمارە (65) بۆ ساڵی 1979ی هەموار کراو، بەرپرسیارە لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی دادوەری کارگێڕی، دەرکردنی فەتوا، داڕشتن، ئامادەکردن، لێکۆڵینەوە و وردبینیکردنی ڕەشنووسی یاساکان، و دەربڕینی ڕای لەسەر سەرچاوە یاساییەکان بۆ فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی.( راضی، 2009: 15)
هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش ئەنجوومەنی شوورا بە پێی ماددەی (7)ی یاسای ئەنجوومەنی شوورای هەرێم ژمارە (16) سالی 2008 تایبەتمەندە بە ئامادەکردن و داڕشتنی پڕۆژە یاساکان لە هەرێمدا، ئەمەش لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران یاخود وەزارەتە تایبەتمەندەکان یان لایەنەکانی کە نەبەستراونەتەوە بە وەزارەت دەبێت.

**4.4 بۆشایی لە یاساکانی باجدا:**

بۆشایی بریتیە لە حالەتێک کە دادوەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە شرۆڤەکردن و پیادە کردنی رێسا یاساییەکان لەو کێشەیەی هاتۆتە بەردەمی، چ یاسای بابەتی بێت یان رێککاری، دەکرێ حالەتەکە نەبوونی یاسا بێت، ئینجا چ کێماسی لە داڕشتن بێت یان لە چەمکیدا بێت، دەشکری بۆشایی لە بێ دەنگی بێت لەو حالەتە یاساییەی هاتۆتە بەردەمی دادوەر.
بۆشایی یاسایی دیاردەیەکی یاساییە لە هەموو یاسا دانراوەکاندا بەدی دەکرێت، چونکە یاسا لە لایەن یاسادانەرە مرۆڤەکانەوە دادەنرێت و یاسادانەری مرۆڤ بێ کەموکوڕی نیە و ناگاتە پلەی تەواو.( طاهر،2019: 63)
لە رووی دەستەواژەییەوە بۆشایی هەڵەیەکە لە هەڵەکانی داڕشتنی یاسایی کە هاوواتای کەموکوڕییە، وە بە واتای جێهێشتنی وشەیەکە لە ناو دەقی یاساییدا کە بە بێ ئەو بڕیاردان ڕاست و دروست نیە.
هەروەها بەم جۆرە پێناسە دەکرێت کە بریتیە لەوەی دەقێکی یاسایی هەموو ئەو بابەتانەی یاسادانەر مەبەستیەتی لەخۆ ناگرێت، بە واتایەکیتر بێتوانایی دەقێکی یاسایی لە دەربڕینی تەواوی ئەو بابەتەی یاسادانەر خوازیاریەتی، بە جۆرێک کە جێبەجێکاری دەقەکە ناتوانێت بەکاری بهێنێت، بە بێ تێپەڕاندنی مەبەستی یاسادانەر نەبێت، بە جۆرێک کە ئەگەر بۆشایی یاسایی لە هەندێک یاسا وەک یاسای شارستانی بە خەشێکی ئاسایی و سادە هەژمار بکرێت، واتە دادوەر دەتوانێت وە ئەرکیەتی کە دەقەکە تەواو بکات لە رێگەی سەرچاوەکانیتری یاسا، بەلام لە چوارچێوەی یاسای باجدا بەم ئاسانیە نیە و هەر بۆشاییەک یان کەموکوڕیەک یان جێهێشتنی ووشەیەکی دیاریکراو کە پێویستە هەبێت تاکوو ئەو حوکمەی یاسادانەر مەبەستیەتی تەواو بکات، بنەمای یاسایی باج دەخاتە بەردەم دەستدرێژی یان پشتگوێ خستن، بەم جۆرە دادوەر، هەروەها دەسەڵاتی داراییش ناچارن تەنها بگەرێنەوە یاسا لە بواری باجدا، بۆ نموونە سەپاندنی باج لە لایەن یاسادانەرەوە بە بێ دیاری کردنی نرخەکەی یان مەودای بەکارهێنانی لە رووی کەسەکانەوە.( حسین، 2012:118 )

هەندێک جیاوازی دەکەن لە نێوان بۆشایی یاسایی وەهمی واتە پێیان وایە دەرئەنجامی جیاوازی فەلسەفە یان ئایدۆلۆژیا لە نێوان بەرواری دەرچوونی یاسا و بەرواری دواتر، بە جۆرێک رێسای باج لە گەل بارووددۆخی کۆمەڵگا ناگونجێت لە دەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنەی بە خێرایی بەسەریدا هاتووە لە لایەنی زانستیەوە، بۆ نموونە نەگۆڕیی نرخی باج گەرچی پێشکەوتنەکان بەردەوامن، وە لە نێوان بۆشایی یاسایی ڕاستەقینە کە تێیدا کەموکوڕی تایبەتمەندیەکی هاوشانە لە گەل دەق لە بەرواری دەرچوونی بە جۆرێک ناتوانین بگەینە حوکمە راستەکەی، مەگەر بە تێپەڕاندنی مەبەستی یاسادانەر، بۆ نموونە برگەی (4) لە ماددەی (59) دووبارە لە یاسای باجی دەرامەتی عێراقی بەرکاردا کە ئەو باجدەرەی پابەند کردوە کە داوای یەکلایی کردنەوەی ئاشتیانەی کردوە، کە دەبێ برەکەی لە ماوەی دە رۆژ لە بەرواری وەرگرتنی رەزامەندی بدات، بەڵام ڕێگە چارەی دیاری نەکردوە کاتێک باجدەر برەکە نادات، لە ژێر سایەی برگەی دووەمی کە ڕێگە بە باجدەر نادات دەستبەرداری یەکلاییکردنەوەکە بێت. دەقێکی یاسایی باج بە خەشدار هەژمار دەکرێت لە ڕووی دارشتنی یاساییەوە ئەگەر هاتوو بۆشاییەکی یاسایی تێدا بوو، ئەو ڕێسایەش کە کەموکوڕی تێدایە پێویستی بە هەمواری یاسایی خێرا هەیە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەموکوڕیە، بۆشایی یاسایی بوارێکی بەرفرەوان لە بەردەم باجدەران دەکاتەوە بۆ خۆدزینەوە یان ڕاکردن لە باج لە ڕێگەی قۆستنەوەی خاڵە لاوازەکانی دەقی باج.(حسین، 2012 :119 )

دەکرێ یاسا دەقێکی تێدا نەبێت لەسەر ڕووداوێکی دیاریکراو، ئەوەش پاڵ بە یاسادانەرەوە دەنێت کە دەقێکی یاسایی زیاد بکات یان دابنێت چ بە هەموار کردنی یاسا بێت یان دەرکردنی یاسایەکیتر، ئەوەش دەبێتە هۆی هەڵئاوسانی رێسا یاساییەکان، بەلام پیویستە ئەم بۆشاییە یاساییانە لە ڕێگەی ئامرازەکانیترەوە پر بکرێنەوە لە نێوانیاندا هەوڵی دادوەر بە دەرهێنانی حوکمێک لە یاسای دانراو کە بکرێت پشتی پێ ببەسترێت لە ڕێگەی قیاس یان استدلال، یان یاسای دانراو یەکێک لە بنەماکانی سیستەمی یاسایی کە شایەنی جێبەجێ کردن بێت جێبەجێ بکات بەسەر ئەو حاڵەتەی هاتۆتە پێشی کە لە یاسادا دەقی لەسەر نیە، وە ئەگەر نەتوانرا مەبەستی یاسادانەر بە ڕونی تێبگەین، دەکرێ لە بنەما گشتیەکانی یاسادا بەدوای بگەرێین یان پشت بەو بنەمایانە ببەستین کە لە ناخی یاسادا جێگیر بوون.

چارەسەرەکەش دەکرێ لە سەیر کردنی سروشتی بابەتەکانەوە لە روحی سیستەمی کۆمەڵایەتی یان بە پێی پێویست بێت ئەگەر بەرژەوەندی ئەوە بخوازێت.

ئەگەر ئەوەش ڕێی تێنەچوو، دادوەر بۆی هەیە پشت بەو ڕوانگەیە ببەستێت کە وەک بەلگەی یاسایی لە بیروبۆچوونی پەرەپێدراوی یاسایی یان لە سروشتی بابەتەکانەوە هەڵێنجراون، هەموو ئەمانەش بە پێی بیروبۆچوونی تاکەکەسی دادوەر نیە، بەڵکو پشت بە روحی سیستەمی یاسایی و ڕەچاوکردنی چەمکە رەوشتی و ئامانجە باڵاکان دەبەستێت، بەم واتایە هەندێک یاساناس پێناسەی بۆشایی یاساییان بەم جۆرە کردوە کە بریتیە لە: بۆشایی لە یاسادا هەیە کاتێک حوکمێکی یاسایی نەبێت کە سیستەمی یاسایی بە کۆی گشتی ئەو سیستەمە یاساییە و بیروبۆچونی یاسایی کە لە سروشتی بابەتەکانەوە وەرگیراون، بوونی حوکمێکی یاسایی لەم جۆرە بە پێویست دەزانن، بەم جۆرە جیاوازیەکە بەدیار دەکەوێت لە نێوان هەڵئاوسانی رێسا یاساییەکان و بۆشایی یاسایی، چونکە پێچەوانەی یەکترن، بەلام ئەوەی پێکەوە کۆیان دەکاتەوە تێکچوونی سیستەمی یاساییە، ئینجا چ بە زیادە بێت لە حالەتی هەڵئاوسان، یان بە کەموکورتی بێت لە حاڵەتی بۆشایی.

کەموکوڕی لە ڕێکخستنی یاساکاری یان ئەوەی پێی دەوترێت "جێهێشتنی یاساکاری" - کە لە ژێر چاودێری دادگای دەستووریدایە، بەوە دیتەدێ کە یاساکار بابەتێک لە خۆ دەگرێت کە تایبەتمەندە بە ڕێکخستنی، بەڵام ئەم ڕێکخستنە چ بەمەبەست بێت یان بە کەمتەرخەمی، ناتەواو بێت یان بێتوانا بێت لەوەی هەموو لایەنانەکانی لەخۆ بگرێت، بە جۆرێک کە ببێتە هۆی پێشێلکردنی گەرەنتی دەستوری ئەو مافەی ڕێکی خستووە.( سلمان، 2020: 14).

### 5.کاریگەری کواڵیتی داڕشتنی یاسایی لە سەر ئاسایشی یاسایی لە بواری باج:

داڕشتنی باشی رێسا یاساییەکانی باج بە یەکێک لە گرینگترین پێوەرەکانی دەوڵەتی یاسا و بەرپاکردنی ئاسایشی یاسایی دادەنرێت، بۆیە داڕێژەرانی یاسا بۆ ئەوەی ڕێسای یاسایی کوالیتی باش دابرێژن، پێویستە رەچاوی کۆمەڵێک دیسپلینی ڕوالەتی و بابەتی بکەن، واتە کاتێک ڕێسای یاسایی ڕوون و پاراو بێت و یاسادانەر شێوازی زمانەوانی و داڕشتنی کوالیتی بەرز بەکار بهێنێت و خۆی بەدوور بگرێت لە دووبارە کردنەوە و دەستەواژەی هاوواتا، هەروەها تێگەیشتن و دەستپێڕاگەیشتنی ئاسان بێت، زیاتر باوەڕیان پێی دەبێت، چونکە ڕۆڵێکی باشی لە پاراستنی پێگە یاسایی و مافە بەدەستهێنراوەکانیان دەگێڕێت، بەم جۆرە داڕشتنی یاسایی کوالیتی بەرز یارمەتیدەری بەرپابوونی ئاسایشی یاسایی لە بواری  یاساکانی باج دەبێت.(امینة و عواطف، 2022: 806 )

بۆ هێنانەدی ئاسایشی یاسایی لە هەر سیستەمێکی یاساییدا، دەبێ یەکەم جار رووبەڕووی فاکتەرەکانی نائارامی یاسایی ببینەوە، کە تووشی سیستەمی یاسایی دەبن و دەبنە هەڕەشە لەسەر سەقامگیریان، دواتر دەبێ هەر سیستەمێکی یاسایی چەند دەقێکی شێکاری

و ووردەکاری تیدا بێت بۆ دیاری کردنی پاڵنەر و لێکەوتەکانی، واتە ئامانجەکانی ئاسایشی یاسایی تەنها دابین کردنی ئاسایش بۆ سیستەمی یاسایی نیە، بەڵکوو لە بەرژەوەندی سەقامگیری و پاراستنی سیستەمی گشتی دەوڵەتیش دەشکێتەوە، دواجار سەقامگیری مافەکان و پێگە یاساییەکانی باجدەرانیشی لێدەکەوێتەوە، لە بەرامبەردا ڕێگر نابێت لە وەڵامدانەوەی پێشکەوتنەکان لە تەواوی بوارە جیاوازەکانی ژیان، بەلکو پەیرەو کردنی کۆمەلێک ڕێوشوینی ڕوالەتی دیاریکراویش بەسەر دەوڵەتدا دەسەپێنێت، کە ماف و ئازادیەکانی باجدەران مسۆگەر دەکات، ئەویش لە ڕێگەی بلاو کردنەوەی هەر هەموار کردنێک کە بەسەر ئەم ڕێسا یاساییانەدا دێت، بە لەبەرچاو گرتنی ڕوونی دەقە یاساییەکان و سادەکردنیان بۆ ئەوەی هەموو هاولاتیان بە ئاسانی لێیان تیبگەن، هەروەها نەهێشتنی هەر لەمپەرێک کە کاریگەری لەسەر تەندروستی و سەلامەتی سیستەمی یاسایی باج دابنێت.(بلقاسم ، 2022: 11)شاراوە نیە کە داڕشتنی یاسایی باش خوازیاری ئەوەیە کە یەک دەق یان یەک ڕێسای یاسایی هەبێت.( راضی،2019: 17)

بۆ هێنانەدی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج، دەبێ یاساکانی باج لە ڕووی ڕوالەتی و بابەتیەوە بە جۆرێک دابرێژرێن کە کەمترین کەموکوڕیان تێدا بێت و پێگە و پەیوەندیە یاساییەکانی باجدەران سەقامگیر و جێگیر بن، هەروەها نابێ لە گەڵ دەستوور و یاساکانیتر ناکۆک بن، بۆ ئەم مەبەستەش لە کاتی ئامادە کردن و داڕشتنی یاساکان و تاوتوێ کردنیان دەبێ جەخت لەسەر جێبەجێ کردنی تەواوی مەرج و پێداویستیە دەستووری و نێودەولەتیەکان بکرێت، بۆ دڵنیا بوون لە دەرکردنی یاسایەکی ڕاست و دروست و بێ کەموکوڕی، بۆ ئەوەی باجدەران بەدوور بن لە کاریگەریە نەرێنیەکانی یاسای باج کە مەبەستی ئاسایشی یاساییە.( نصراوین، 2017: 385)

گرنگی داڕشتنی یاسایی لە بواری باج تەنها لە گرنگیدان بە لایەنی ڕوالەتی و بابەتی داڕشتنیان نیە، بەڵکو ئامانجە سەرەکیەکەی بنیاتنانی یاسایەکی پێشکەوتووە کە دەقەکانی ڕوون و حوکمەکانی ورد بن، هەروەها لە گەل یەکتر بگونجێن و لە گەل یاساکانیتر بە یاسای نیشتیمانی و نێودەولەتیەوە، ناکۆک نەبن، دیسان یاساکە دەبێ شیاوی لێتێگەیشتن و جێبەجێ کردن بێت. بۆیە شیاویەتی یاسایی گشتی بەس نیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە یاسادارێژەرێکی باش، چونکە یاساناسی لێهاتوو کە هیچ شارەزاییەکی پراکتیکی لە تەکنیکی داڕشتنی یاسایی نەبێت، ناتوانێت ئەم ئەرکە بە باشی جێبەجێ بکات.( ZANDER, 2004: 41)

ئامانجی سەرەکی داڕشتنی یاساکانی باج ئاسایشی یاسایی لە بواری باجە و توخمە پێکهێنەرەکانی ئاسایشی یاسایی کە بریتین لەبنەمای یەکسانی، ڕوونی ڕێسای یاسایی، ناکۆک نەبوونی دەقە یاساییەکان، سەقامگیری پەیوەندیەکان، چاوەڕوانکراوی یاساکان، ڕێزگرتن لە مافە بەدەستهێنراوەکان، ڕێزگرتن لە پێگە یاساییەکان، نەگەڕانەوەی یاساکان بۆ ڕابردوو و ڕێزگرتن لە بنەمای باوەڕی ڕەوا، دەرئەنجامی کوالیتی یاساکان.(Ivaylova,2017:23 )

کارایی بنەمای ئاسایشی یاسایی لە پاراستنی تاکەکان لە کاریگەریە نەرێنیەکانی یاسادایە، کە کەمووکوڕی بەمەبەست یان بەبێ مەبەست تێدا بەدی دەکرێت، هەروەها هەمواری بەردەوام کە سەقامگیری پێگە یاساییەکان تێک دەدات، وە هەندێک ڕێڕەو پێیان وایە ئاسایشی یاسایی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەولەتی یاساوە هەیە، وە کوالیتی یاساکان دەبێتە هۆی بەرپا بوونی ئاسایشی یاسایی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەروازەیەکی سەرەکیە بۆ مسۆگەر کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە ئەمەش بەدەستووری کردنی ئەو بنەمایەی پێویست کردووە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونی بەراوردکاری هەندێک دەوڵەت وەک ئەلمانیا کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو جەختی لە دەستووریبوونی ئەم بنەمایە کردۆتەوە.

ئەو یاسایەی لە کاتی داڕشتنیدا ڕەچاوی پێوەر و ڕێساکانی داڕشتنی یاسایی کردووە، ئەو یاسایەیە کە سیستەمێکی یاسایی کوالیتی بەرزی دامەزراندووە، وە گرێنتیەکە بۆ کارایی بەرهەمی یاسایی، بە دلنیاییەوە ئەو پەیوەندیە پتەوەی لە نێوان یاسادانان و داڕشتنی باش هەیە، ئاسایشی یاسایی لێبەرهەم دێت، بەو پییەی دەرئەنجامی لۆژیکی یاسای کوالیتی بەرزە. (Ivaylova,2017:24)

دادگای فیدرالی بالای عێراقی یەکێکە لەو دامودەزگایانەی کە چاودێری گونجانی دەقە یاساییەکان لە گەل دەستوور دەکات و دەتوانێت ئاسایشی یاسایی بێنێتەدی، ئەویش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی هەموو پێوەرانەی کە پێویستە لە کاتی داڕشتنی یاساکان ڕەچاو بکرێن.

هەندێک پێوەری دیاریکراو هەن کە دەکرێ پشتیان پێببەسترێت بۆ سەلماندنی یاسای کوالیتی بەرز کە چەمکی ئاسایشی یاسایی مسۆگەر دەکەن.

بە پشت بەستن بەوەی باسکرا، سروشتی پەیوەندی دوولایەنەی نێوان پرۆسەی داڕشتنی یاساکان و کوالیتی یاساکان وەک ئامانجێکی سەرەکی، وە ئەوەی بە بنەمای ئاسایشی یاسایی دەیبەستیتەوە وەک دەرئەنجامی ئەم ڕیسایە بەدیار دەکەوێت.

لەبیرمان نەچێت کە هەر لادانێک لە ڕێسای یاسایی لە قۆناغی داڕشتن، واتە پشتگوێ خستنی هەر ڕێسایەک و ئامرازێک کە دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنی یاسایەکی کوالیتی بەرز دەکرێ پێشێلی بنەمای ئاسایشی یاسایی بکات.

ئێمە پێمانوایە داڕشتنی یاسایی باش یەکێکە لە گرنگترین پایەکانی بنیاتنانی دەوڵە تی یاسا و یەکێکە لە گرنگترین میکانیزمەکانی بە دەستهێنانی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج، لە ڕێگەی سە قامگیرکردنی پێگە یاساییە کانی باجدەران و ڕێزگرتن لە مافە بەدەسهێنراوەکانیان، بەم شێوەیە دەسەڵاتی یاسادانان لە کاتی دانانی ڕێسا یاساییەکان پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی باجدەران مسۆگەر دەکات.

### 6.کۆتایی:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گرنگترین ئەنجام و ڕاسپاردەکانمان دەخەینەڕوو:

#### 6.1 ئەنجامی توێژینەوە:

1-یاساکانی باج بە سێ شێواز دادەڕێژرین، دارشتنی ڕەق کە هیچ دەسەلاتیك ناداتە جێبەجێکاری یاسا لە کاتی جێبەجێ کردنی یاساکانی باج، داڕشتنی نەرم کە دەسەلاتی پێوانەیی فراوان دەداتە جێبەجێکاری یاسا لە کاتی جێبەجێ کردنی یاساکانی باج وە داڕشتنی تێکەل کە هەردوو شێوازی داڕشتنی چەقبەستوو و داڕشتنی نەرم پیکەوە کۆدەکاتەوە و هەندێک جار داڕشتنی چەقبەستوو بەکار دەهێنێت و هەندێک جاریتر داڕشتنی نەرم.

2- یاسادانەری باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە کاتی داڕشتنی یاساکانی باج شێوازی داڕشتنی تێکەڵیان بەکار هێناوە، کە ئەمەش ڕێڕەوێکی باشە، چونکە دەقە یاساییەکان پێویستیان بە جۆرێک چەقبەستوویی هەیە بۆ پاراستنییان لە هەمواری زۆر و خراپ بەکارهێنانیان لە لایەن جێبەجێکاریانی یاسا، هەروەها پێویستیان بە جۆرێک نەرمی هەیە بۆ وەلامدانەوەی گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی کۆمەلگا.

3- خەشەکانی داڕشتنی یاسایی لە یاساکانی باجدا دەکرێ، هەڵە، نارونی، ناکۆکی، یان بۆشایی بێت، کە یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەموو جۆرە خەوشەکانی تێدا بەدیدەکرێت، بەلام ناکۆکی لە گەل دەستوور لە هەموویان زیاترە.

4 -داڕشتنی یاسایی کوالیتی بەرز ڕێگری لە ناکۆکی دەقەکان و دیاردەی زۆری دەقە یاساییەکانی باج دەکات، بە پێچەوانەوە دارشتنی یاسایی کوالیتی خراپ بە یەکێک لە بەرجەستەترین بەربەستەکانی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج دادەنرێت.

5.کوالیتی داڕشتنی یاساکانی باج کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی یاسایی لەم بوارەدا هەیە، چونکە بوونی خەوش و کەموکوڕی وەک هەڵە، نارونی، ناکۆکی و بۆشایی دەبنە هۆی ئەوەی لێکدانەوی جۆراوجۆریان بۆ بکرێت و پەیوەندیە یاساییەکان ناجێگر ببن، یان ڕووبەڕووی هەموارکردن و هەلوەشانەوەی بەردەوام ببنەوە و ناسەقامگیری پێگە یاساییەکان بەدوای خۆیدا بهێنێت، کە یەکێکە لە بەربەستەکانی ئاسایشی یاسایی باجدەران.

#### 6.2 ڕاسپاردەکان:

1- داوا لە یاسادانەری عێراق و کوردستانی دەکەین پێکەوە سیاسەتێکی یاسادانانی ڕوون لە بواری باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان دابنێن، چونکە سیاسەتی یاسادانانی دەولەت بڕیاری کۆتایی و هێڵکارییەکانی بۆ یاسا و داڕشتنی یاسایی لە بواری باج دادەنێت.

2-داوا دەکەین لیژنەیەکی پسپۆری هاوبەش لە پەرلەمانی فیدرالی و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پێکبهێندرێت، بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی یاساکانی باج بە پێی دەستووری هەمیشەیی عێراق و سیستەمی فیدرالی، وە لە کاتی داڕشتنیان پێوەرەکانی داڕشتنی یاسایی و ئاسایشی یاسایی لەبەرچاو بگرن.

3-سوود لە ئەزموونی یاساکانی باجی بەراوەردکاری وەک میسر و فەرەنسا وەربگیرێت بە تایبەت لە بابەتی یەکخستنی یاساکانی باج، بەلام لە گەل ئەوەشدا پێویستە تایبەتمەندیە کۆمەلایەتی و رامیاری و ڕۆشنبیریەکانی کۆمەلگا لەبەرچاو بگیرێت.

4- داوا دەکەم ماددەی ( 33)ی یاسای باجی دەرامەت هەموار بکرێتەوە و برگەیە(٢)ی لابدرێت، چونکە یاسادانەر تووشی هەڵەی یاسایی بووە کاتێک ڕێگەی بە دەسەلاتی دارایی داوە کە لە دەرەوەی ماوەی دیاریکراو تانە قبوڵ بکات، لەبەر ئەوەی زیان بە سەربەخۆیی لیژنەکانی پێداچوونەوە بە تایبەت نەبوونی سەربەخۆیی کارگێریان دەگەیەنێت.

5-دەقی برگەی (2)ی مادەی (35)ی یاسای باجی داهاتی بەرکار ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار کراو هەموار بکرێت و ئەو برگەیە لابدرێت کە ڕێگەی بە دەسەلاتی دارایی داوە کە تێهەڵچوونەوەی پێشکەشکراو لە لایەن باجدەری نارازی لەسەر خەملاندنی داهات دوای تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی وەربگریت، ئەگەر گەیشتە قەناعەت کە پێشکەشکاری تێهەلچوونەوەکە بەهۆی ئامادەنەبوونی لە عێراق، یان بەهۆی نەخۆشییەکەوە بێتوانا بووە، یان بە هۆکارێکی ناچاری تر دواکەوتووە لە پێشکەشکردنی، چونکە یاسادانەری دەسەلاتی دارایی کردۆتە نەیار و داوەر لە یەک کاتدا، ئەمەش ڕێگەپێدراو نییە، بۆیە باشترە بابەتی بڕیاردان لەسەر داواکارییەکان، بۆ لیژنەکانی تێهەلچوونەوە بەجێ بهێڵێت.

6-برگەی (2)ی مادەی (21)ی یاسای باجی دەرامەت کە دەڵێت: "دەسەڵاتی دارایی، ئەگەر بە گونجاوی زانی باج بە ڕێژەیەکی دادپەروەرانە و گونجاو لەسەر کەسێکی نانیشتەجێ بخەمڵێنێت، لەسەر بڕی ئەو کارە بازرگانییەی کە کەسی نانیشتەجێ لە ڕێگەی یان لەگەڵ نیشتەجێبوو ئەنجامی دەدات" وشەی (ئەگەر بە گونجاوی زانی)، هەروەها وشەی(دادپەروەرانە و لۆژیکی)، لابدرێن، چونکە ناڕوونن و دەبنە هۆی ئەوەی هەر لایەنێک خۆی بەو لێکدانەوەیە ببەستێتەوە کە بە گونجاوی دەزانێت، ئەمەش دەرگای خۆدزینەوە لە باج دەکاتەوە.

7- برگەی (١)ی ماددەی (٢)ی یاسای باجی دەرامەتی بەرکار، هەموار بکرێتەوە و دەستەواژەی سروشتی بازرگانی کە لە چوارچێوەی ئەو سەرچاوانەیدا هێناوە کە باجی داهاتیان لە سەرە لابدرێت، وە بۆ دیاریکردنی کارە بازرگانیەکان بگەڕێتەوە بۆ یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە( 30 ) سالی ( 1984) کە تێیدا کارە بازرگانیەکان بە شێوەی ژماردن هاتوون.

8-برگەی (14)ی ماددەی (یەکەم)ی یاسای باجی دەرامەتی عێراقی هەموار بکرێتەوە و ئەو ڕێژپەڕەی کە بۆ لاێخۆشبوونی هاولاتیانی دەولەتە عەرەبیەکان کراوە لابدرێت، وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان کراوە، ناکۆکە لە گەل بنەمای یاکسانی و دادپەروەری کە لە دەستووردا هاتوون، بۆیە داوا دەکەمر ئەمر ماددەیە هەموار بکرێت و ئەمر برگەیە لابدرێت.

9- برگەی (10) ی ماددەی(7)ی یاسای باجی دەرامەت هەموار بکرێت و ئەمر برگەیە لابدرێت کە ڕێگەی داوە لێخۆشبوون لە باج بە یاسای تایبەت ڕێکبخرێت، چونکە پێشیل کردنی بنەمای یاسایی بوونی باج، کە لە برگەی (یەکەمر) لە ماددەی (28) دەستووری عێراق سالی 2005 دەقنووس کراوە کە هیچ باج و میرانەیەک ناسەپێندرێت و هەموار ناکرێت و وەرناگیرێت و لێخۆشبوونی لێناکرێت بە یاسا نەبێت،( هەر دەرامەتێکی لێخۆشبوو بە پێی یاسای تایبەت یان ڕێککەوتنێکی نێودەولەتی).کە بابەتی لێخۆشبوونی بە دەقێکی تایبەت یان ڕێککەوتنێکی نێودەولەتی ڕەوانەکردووە و بڕیاری داوە لە گەل برگەکانی هاتوو لە یاسادا پەسەندیان بکات.

10-زیادەیەک لەسەر ئەو لێخۆشبوونانەی لە یاسای باجی دەرامەتدا هاتوون، هەر لەسەر ئەمر بنەمایەش لە ماددەی(41)ی یاسای ڕاژەی دەرەکی ژمارە( 45)ی سالی 2008 دا هاتووە( لێخۆشبوون لە دەرمالەکانی ڕاژەی دەرەکی کە لە برگەی(ا) یەکەمر لە ماددەی (14)ی ئەمر یاسایەدا هاتووەن لە باجی دەرامەت دەبەخشرێن.

11-برگەی (4) لە ماددەی (59)( دووبارە) لە یاسای باجی دەرامەتی عێراقی بەرکار هەموار بکرێتەوە و ئەو برگەیە لابدریت کە ئەو باجدەرەی پابەند کردوە کە داوای یەکلایی کردنەوەی ئاشتیانەی کردوە، کە دەبێ بڕەکەی لە ماوەی دە ڕۆژ لە بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بدات، بەڵامر ڕێگە چارەی دیاری نەکردوە کاتێک باجدەر بڕەکە نادات، لە ژێر سایەی برگەی دووەمی کە ڕێگە بە باجدەر نادات دەستبەرداری یەکلاییکردنەوەکە بێت.

١٢-بابەتی داڕشتنی یاسایی و ئەو پرەنسیپانەی کە لەسەری بنیات نراوە لە زانکۆکانی عێراق وهەرێمی کوردستان بخوێنرێت، بە تایبەت داڕشتنی یاسایی لە بواری باج کە بابەتێکی تێکهەلکێش و ئالۆزە، بۆ دامەزراندنی کادری تایبەتمەند لەمر بوارە، وەک ئەو قوتابخانە تایبەتمەندەی داڕشتنی یاسایی کە لە هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و سویسرا هەیە.

### 8.لیستی سەرچاوەکان:

#### کتێبەکان:


- سعود، ر. و محمود، ه.(1995). المبادئ الأساسية في القانون، ب ط، منشأة المعـارف، الإسكندرية.
- سلطان، أ.( 1983). المبادئ القانونية العامة ، ط٤ ، دار النهضة العربية ، بيروت.
- صبرة، م.(2007). أصول الصياغة القانونية بالعربية والانجليزية، الطبعة الثانية، الجيزة، مصر: 21.
- عبد الباقي، م. و خضر، م.( 2004) دليل صياغة التشريعات الثانونية، معهد الحقوق، جامعة بيرزيت.
- عبدالمجيد، ع.(1999). أصول التشريع، دار الشؤون الثقافية العامة، وازره العدل،بغداد .
- كرم، ع.(1995). معجم المصطلحات القانونية، الطبعة ألاولى، دار الكتب القانونية، القاهرة: ٢٦٢.
- مسعد، م.( 2004). دور القانون في تكوين ثقافة الانسان، دار المطبوعات الجامعية، الاسكندرية.
-دخيل، ا.(2012). تجزئة القاعدة الضريبية في التشريع الضريبي، الطبعة الاولى، المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان.
-فـتح الباب،ع. (2012). الوسيط في سن وصياغة وتفسير التشريعات، دار الكتب القانونية و دار شـتان للنشر والبرمجيات، مصر.

عمري . ه.(1979)ز اتجاهات المشرع العراقي في ضريبة الدخل، بغداد مطبعة المعارف.

دکتۆرانامەکان:

هلالي، ع.(2004). تفسير قوانين الضرائب في العراق، دكتورا، قسم القانون العام- كلية القانون- جامعة بغداد.

توێژینەوە بلاوکراوەکان:

- محروس، م. (2017). رقابة القضاء الدستوري على الصياغة التشريعية، مجلة كلية القانون الكويتية العالمية - السنة الخامسة.532-495
- اسماعيل، ح.(2013). الصياغة التشريعية و دورها في خدمة التشريع، مجلة المعيار، جامعة تسمسيلت، المجلد(4)، العدد(8).108-122

- امينة، غ. و عواطف، م.(2022). الصياغة التشريعية الجيدة للقاعدة القانونية و الامن القانوني، مجلة الحقوق و الحريات، المجلد(10)، العدد (2).-808 790

- بلقاسم، م.(2022). الصياغة القانونية و دورها في تحقيق فكرة الامن القانوني، مجلة القانون و العلوم السياسية، المجلد(8)، العدد(١).11-21

- حسن، خ.(2020). مبادئ الصياغة التشريعية، مجلة القانونية لكلية الحقوق- جامعة البحرين، العدد الرابع. 31-42

- حسين، ن.(2012). المخالفة المالية للموظف الضريبي بسبب سوء الصياغة التشريعية لقانون ضريبة الدخل العراقي رقم 113 لسنة 1981 المعدل، مجلة كلية القانون، جامعة النهرين، مجلد (14) .112-124.

- راضي، م .( 2019). اليقين القانوني من خلال الوضوح وسهولة الوصول الى القانون، مجلة العلوم القانونية/ كلية القانون - جامعة بغداد / العدد الاول. 35-1

- رزق، ع.( 2012)، مدى توافق النصوص القانونية مع تسمية القطاعات الحكومية، بحث منشور في مجلة الحقوق، كلية العلوم القانونية والاقتصادية والاجتماعية، جامعة وجدة، مجلد رقم (13), 100-121.

- زهيرى، ا.(2014). قواعد صياغة التشريعات، مجلة دراسات دستورية، تصدر عن المحكمة الدستورية في مملكة البحرين، المجلد الاول، العدد الثالث, 178- 119

- صاوي، ع.(2003). الصياغة التشريعية للحكم الجيد، ورقة عمل مقدمة لورشة العمل الخاص بتطوير نموذج للصياغة التشريعية للبرلمانات العربية المنعقدة في بيروت للفترة من - 3-6, 1-23

- عبدالهادي، ح.( 2012). الصياغات الدستورية للنصوص المحرمة للتعذيب في الدساتير العربية، بحث منشور في مجلة الحقوق، كلية القانون، الجامعة المستنصرية، العراق، المجلد عدد 149.4-162

- عبدالوهاب، و.(2020). الامن القانوني و تاثيره على استقرار المعاملات القانونية، جامعة محمد الاول، كلية الحقوق- وجدة، مجلة القانون و الاعمال الدولية, العدد( 31 ), .31-42

- فتلاوي, س. و حامد, ا.(2017). المعايير العامة للصياغة التشريعية (دراسةمقارنة) مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية العدد الرابع/ السنةالتاسعة). 90-132.

-سلمان، ع .( 2020). الرقابة القضائية على قصور التنظيم التشريعي، عرضت هذه الورقة في ندوة نظمتها وحدة أبحاث القانون والمجتمع بالجامعة الأمريكية بالقاهرة، مساء الأحد 24 نوفمبر 2019، نشر في العدد الخاص الصادر بمناسبة اليوبيل الذهبي للقضاء الدستوري المصري.

-طاهر، ع.( 2019). القصور في التشريع، كلية دجلة الجامعة الاهلية، مجلة العلمية العراقية,المجلد الثاني، العدد الاول.

-نصراوين، ا . (2017)، متطلبات الصياغة التشريعية الجيدة وأثرها على الاصلاح القانوني, ملحق خاص بالمؤتمر السنوي الرابع القانون أداة لإصالح والتطوير - العدد 2 - الجزء ألاول. 61-78.

-نعمة، أ.( 2014)، التشريع السليم ومعوقات العملية التشريعية في العراق، بحث منشور في مجلة الكوفة للعلوم القانونية والسياسية- العراق، كلية القانون، جامعة الكوفة، مجلد رقم 7. 32-106.

عنزي ,ح.(2001). نظرة في القضاء الضريبي . بحث منشور في مجلة المؤتمر العلمي الضريبي الأول: 112 وما بعدها.

## دەستوور و یاساكان:

-دستور العراقي الدائم لسنة 2005.

-دستور المصري لسنة 2014 المعدل سنة 2019.

-دستور الفرنسي لسنة 1958 المعدل سنة 2008.

- قانون ضريبة العقار رقم 162 لسنة 1959 و تعديلاته.

-قانون مجلس الدولة العراقي اقم (65) لسنة 1979 المعدل.

- قانون ضريبة المبيعات رقم ( 36 ) لسنة 1997.

-قانون ضريبة الدخل العراقي رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

- قانون ضريبة العرصات العراقي رقم 26 لسنة 1962 المعدل.

- یاسای ئەنجوومەنی شورای هەرێم ژمارە (16) سالی 2008.

-یاسای ژمارە 20 ی ساڵی2011 یاسای یەکەم هە موارکردنی جێبەجی کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە 26 ی ساڵی 2007 لەهە ریمی کوردستان – عێراق.

-یاسای ژمارە 24 یاسای هە موار کردنی پیادە کردنی یاسای باجی زەوی عەرەسە ژمارە 26 هە موارکراو لە هە رێمی کوردستان-عێراق.

-یاسای ژمارە 25 یاسای هە موارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە162ی ساڵی 1959ی هە موارکراو لە هەرێمی کوردستان -عێراق.

-یاسای ژمارە 26 یاسای هە موارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە 113 ی ساڵی 1982ی هە موارکراو لە هە رێمی کوردستان – عێراق.

## سەرچاوە فارسیەکان:

- انصاری، ب .(1386): تنقیح قوانین و مقررات، تدبیری برای مبارزه با ابهام حقوقی،فصلنامه اطلاع رسانی حقوقی، ش.11

- پروین، خ. و فرامرزی، ر .و امیری، ا .(1399)، تنقیح قوانین و مقررات گامی در تضمین اصل امنیت حقوقی، فصلنامه دانش حقوق عمومی، سال نهم،شماره 93.

- مالمیري، ا. و فیضی، س. و شقاقی، ح .( 1401). ارزیابی کیفیت قوانین مالی در ایران از حیث شفافیت، ثبات و عدم پراکندگی، فصلنامه علمی حسابداري دولتی، سال هشتم، شماره( 2)، (پیاپی 16).

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

- Bakshi, P.M. (1992). The Discipline of Legislative Drafting, Journal of the Indian Law Institute, Vol. 34, No. 1 (January-March 1992), pp. 1-8.
- Demin, A. (2020). Certainty and Uncertainty in Tax Law: Do Opposites Attract? Law Institute, Siberian Federal University, Krasnoyarsk, Russia, Journal of Laws.
- Ivaylova, Ch. (2017). Legal Security a Principle in Lawmaking, globalization the state and the individual, No2(14), pp.23-29.
- Michael Z. (2004). The Law-Making Process, sixth edition, Cambridge University press: p.41
-Sales, Ph. (2018 ). The Contribution of Legislative Drafting to The Rule of Law, Published online by Cambridge University Press: 04 September 2018.

**دور الصياغة التشريعية في ارساء الأمن القانوني في التشريعات الضريبية**

**بحث تحليلي قانوني مستل من اطروحة دكتوراه للباحث**

**فتحى زێرۆ زێرۆ**
كلية تقنية سوران- جامعة بوليتكنيك هولير
fathi.zeroo@epu.edu.iq

**كمال انور يابه**
كلية القانون، جامعة صلاح الدين-اربيل
Kamal.yaba@su.edu.krd

**الملخص:**

احد المبادئ الاساسية لجودة التشريعات الضريبية, هي صياغة قواعدها و نصوصها وفقا لمعايير الصياغة التشريعية الجيدة، لما لها من دور في تحقيق الأمن القانوني.

الصياغة التشريعية الجيد يتضمن عدد من المعايير والشروط التي تؤدي الى عدم الامتثال لها إلى قصور وغموض وتضارب في النصوص القانونية، مما يؤدي في النهاية إلى المزيد من المشاكل القانونية والعقبات التي تعترض الأمن القانوني في هذا المجال.

فهناك ثلاثة طرق للصياغة التشريعية، منها (الصياغة الجامدة، الصياغة المرنة و الصياغة المختلطة)، حيث اتبع المشرع الضريبي في العراق و اقليم كوردستان الصياغة الجامدة وفي بعض الاحيان الصياغة المرنة او الصياغة المختلطة.

ان قوانين الضرائب في العراق وإقليم كوردستان تعاني من عدة عيوب في صياغتها التشريعية، مثل الغلط، الغموض، التعارض و الفراغ والتي تؤثر على الأمن القانوني اذ اصبحت عقبة أمام إرساء الأمن القانوني، وخلقت حالة من عدم الاستقرار القانوني في الدولة بمجال الضرائب.

**الكلمات المفتاحية:** الصياغة التشريعية، الأمن القانوني، القوانين الضريبية، إقليم كوردستان، العراق الفدرالي.

**The Role of Legislative Drafting on Establishing the Legal Certainty in Tax Legislations.**

**Legal Analytical Research Extracted from The Researcher's Doctoral Dissertation**

**Fathi Zeroo Zeroo**
Soran Technical College -Hawler Polytechnic University
fathi.zeroo@epu.edu.iq

**Kamal Anwar Yaba**
College of Law,Salahaddin University – Erbil
Kamal.yaba@su.edu.krd

**Abstract**

Drafting of rules and texts according to the criteria of good legal drafting is one of the main principles of the quality of tax laws, due to the role which plays in achieving legal certainty.

High-quality legal drafting includes a number of criteria and requirements that non-compliance leads to flaws in legal texts, which ultimately leads to more legal problems and challenges to legal certainty in this area.

There are three ways of drafting laws, including rigid drafting, flexible drafting and mixed drafting, where tax legislators in Iraq and the Kurdistan Region have followed rigid drafting, sometimes using soft drafting or mixed drafting.

Tax laws in Iraq and the Kurdistan Region suffer from several shortcomings in their legal formulation, such as errors, ambiguities, conflicts and gaps, which affect legal security.

**Keywords:** Legislative Drafting, Legal Certainty, Tax Legislations, Kurdistan Region, Federal Iraq.